ڕاوێژکارێکی حکومی: کۆتا ئامادەکارییەکانی ڕێککەوتنی کارپێکردنی بەندەری فاو لە تەواوبووندایە



ئەمڕۆ هەینی، ناسر ئەسەدی، ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری گواستنەوە، جەختی لەوە کردەوە کە جێبەجێکردنی مەیدانیی بەندەری فاو بەردەوام لە پێشکەوتندایە، ئاماژەی بەوەشدا کە سێ لە پێنج پڕۆژەی سەرەکی بەندەرەکە تەواو بوون، و ڕێککەوتنێک لە قۆناغی کۆتاییدایە لەگەڵ کۆمپانیای بەندەرەکانی ئەبو زەبی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی بەندەرەکە.

ئەسەدی لەلێدوانێکی بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرمی ک□موت□□ع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: "جێبەجێکردنی مەیدانیی بەندەری فاو لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە، سێ لە پێنج پڕۆژەی سەرەکیی بەندەری فاو تەواو بوون، لە کاتێکدا هەردوو پڕۆژەی ماوە نزیک دەبنەوە لە تەواوبوون".

وتیشی: "نەفەقە نوقمبووەکە [تونێلی ژێر ئاو] بە ڕێژەیەکی زۆر پێشکەوتوو تەواو بووە، بە جۆرێک حەوتەمین پارچە لە کۆی دە پارچە نوقم کراوە، و هیوادارین تا کۆتایی ئەم ساڵ کارکردن تێیدا تەواو بێت بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە گەورەترین پڕۆژە جۆرییەکان لە جیهاندا، هەروەها ڕێگا بەستەرەکانی نێوان بەندەرەکانی عێراق بە ڕێژەی ١٠٠٪ تەواو بوون، و کەناڵی دەریایی گەیشتووەتە قۆناغێکی پێشکەوتووی هەڵکەندن، لە کاتێکدا کارەکانی گۆڕەپانەکانی بار و پێشوازیکردن گەیشتوونەتە قۆناغی

پێشکەوتووی پڕکردنەوە و تاقیکردنەوەی خاک".

ئەسەدی وتیشی: "پێنج بەندەری بەندەری فاو بە ڕێژەی ١٠٠٪ تەواو بوون و بە کردەوە کراونەتەوە، و لە ئێستادا کارەکانی پڕکردنی پێداویستییەکانیان بەڕێوە دەچن بۆ ئامادەکاری بۆ خستنەگەڕی کرداری، کە تیایدا چەندین جار کەشتی تاقیکاری لەم بەندەرانەدا لەنگەریان گرتووە".

ئەسەدی ئاماژەی بەوەدا کە "ڕێککەوتنێک لە قۆناغی کۆتاییدایە لەگەڵ کۆمپانیای بەندەرەکانی ئەبو زەبی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی بەندەری فاو، و لە ئێستادا کۆبوونەوەی چڕ بەڕێوە دەچێت بۆ دانانی کۆتا دەستکارییەکان لەسەر گرێبەستی بەڕێوەبردنەکە، و چاوەڕوان دەکرێت قۆناغی خستنەگەڕی کرداری بەم زووانە دەستپێبکات".

ئەسەدی دووپاتی کردەوە کە "پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان پڕۆژەیەکی تەواوکراوە بە پێکهاتەکانییەوە"، بەڵام هەندێک لە شارە پیشەسازی و ئابوورییەکان، لەگەڵ پڕۆژەکانی کشتوکاڵ و تەکنەلۆژیا و وزەی نوێبووەوە، دەکرێت لە قۆناغی ئێستادا بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەست بە کارکردن بکەن. لە کاتێکدا "هێڵی شەمەندەفەر وەک ستوونی سەرەکی پڕۆژەکە و دەماری سەرەکی کە هەموو ئەم پێکهاتانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەمێنێتەوە".